# گۆرانی و سرووده نیشتمانییەکان

## ئەی کوردینە

گۆرانی لەسەر کێشی* (أنقرەنک داشنەباق)

ئەی کوردینە ئەی مەردینە
با دەست لەناو دەست کەین هەموو
بۆ بەرزییەتی خاکی وەتەن
بۆ یەکیەتی بچین هەموو کوردین هەموو
بێ کەس نییە دایکی وەتەن
ئێمە فیداکاری ئەوین
تا کورد لە عالەم دەرکەوێ
بۆ یەکیەتی بچین هەموو کوردین هەموو
ئەجدادمان شێری زەمان
حوڕ بوون و سەربەستی جیهان
باکمان نییە ئێمەیش لەکەس
بۆ یەکیەتی بچین هەموو کوردین هەموو

........................................................

* ئەم شیعرە لە ل١١٠ی سۆزی نیشمان وەرگیراوە لە پەراوێزدا نووسراوە کە (هەر نیوە شیعرێکی ئەم گۆرانییە دوو جار ئەوترێ).
هەروەها لە ژمارەی (١)ی گۆڤاری گەلاوێژی ساڵی (١٠)ی ١٩٤٩دا لەگەڵ ژینامە و لێکۆڵینەوەیەکدا بڵاو کراوەتەوە.

## گۆرانیی هیوا*

تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ(١)
بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میثال
تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
بۆتە شیعار و کردەوەم سەربەستی و ئازادیی وەتەن
لەم ڕێگوزاریش بم زەبوون، نابینم ئاثاری مەلال
تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
هەوڵ و کۆششم لازمە، بۆ خزمەتی هاو میللەتم(٢)
ڕۆحێ لە ڕێگای میللەتا، نەیبەخشم ئەینێمە چاڵ
تا دەست لەمل هیوا نەکەم شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ
بۆ لاوی تازەی قەومی کورد ببمە نموونەی بێ میثال

........................................................

* ئەم شیعرە بەناوونیشانی سەرەوە لە ژمارە (٢)ی گەلاوێژی ساڵی (٥)ی ١٩٤٦ی ز بڵاوکراوەتەوە لە پێشەوەی نووسراوە:



«ئەم گۆرانییە هی زێوەرە و ڕەفیق چالاک بەمەقامێکی تایبەتی ئاوازی بۆ داناوە کە لەسەری ئەوترێ». لە کتێبی «سۆزی نیشتمان»دا ل١١٩ چاپ کراوە ئەم عینوانەشی بۆ دانراوە (گۆرانی لەسەر کێشی: هیابنا نحو الأمام). ئێمە دەقی گەلاوێژەکەمان بەلاوە وێچووتربوو، ئەومان چەسپاند.
(١) هیوا (گەلاوێژ) مەقسەد (سۆزی نیشتمان)
(٢) هەوڵ و کۆششم (گەلاوێژ) سەعی و تەلاشم (سۆزی نیشتمان)

## گۆرانیی لەسەر کێشی

(ئەی وەتەن ئەی ام مشفق شاد و خەندان أول بوگون)(١)

وا وەتەن خەملیوە وەک گوڵ نەوبەهاری میللەتە
شادمانی قەومی کوردە وەختی لوتف و ڕەحمەتە
زەڕڕەیێک خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەری
جوملە ئەنهاری وەکو کەوسەر هەوای وەک جەننەتە
میللەتی کورد موڵکی سەربەستیشی خستە دەستی خۆی
جان نیساری گەر نەکا هەر کەس، بەشی ئەو لەعنەتە

........................................................

(١) سۆزی نیشتمان ل١١٣.

## گۆرانی

لەسەر کێشی: بىلادي اتباهى ليتني كنت فداها*

فەخرە بۆ ئێمە کوردستان
شاخ و دەشتی وەک گوڵستان
مەعدەنە بۆ عیلم و عیرفان
بێشەیە بۆ شێر و مەردان
جان نیسارین فیداکارین
بەچە شێری وەتەنین
ئێمە شوورای وەتەنمانین
قەڵای وەتەن و دینمانین
هەموو کوردین یەک زمانین
سەنگەری ڕووی دوشمنانین
جان نیسارین فیداکارین
بەچە شێری وەتەنین
میللەتی ساحێب مەتانەت

به سوباته و بەئیرادەت
لە ڕێی وەتەندا شەهادەت
بۆ ئێمە فەخرە و سەعادەت
جان نیسارین فیداکارین
بەچە شێری وەتەنین
چەندە ڕەنگینە ولاتم
خەزێنەی ڕزق و بەراتم
زیکرمە تاکو مەماتم
بەفیدای بێ سەد حەیاتم
جان نیسارین فیداکارین
بەچە شیری وەتەنین

.........................................................................

* ئەم شیعرە لە ل١١٤-١١٥ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

## گۆرانیی نیشتمانی*

ئەی وەتەن! چەند خۆشەویستی ڕۆحی شیرینی منی
مەزرەعەی توخمی نیشات و باعیسی ژینی منی
بێتو گەر من کۆهکەن بم وەصڵی شیرینم ببێ(١)
تیشەیێ نادەم لەبەردت تۆی کە شیرینی منی(٢)
گەرچی ئەرزی، هێند بڵندی وەختە لای من بچیە عەرش(٣)
واسیتەی سەربەستیی و ئیجرایی ئایینی منی
ئیفتیخاری میللەتی، تۆی مادەرێکی میهرەبان(٤)
خوا هیلالیشی بەتۆ دا ماه و پەروینی منی(٥)
نەو بەهاران بەو هەوای زۆر سافەوە وەک جەننەتی
فەسڵی زستانیش سەراسەر باخی نەسرینی منی
بۆچی نەقدی جیسم و جانی خۆم بەشاباشت نەکەم(٦)
خاکی ڕاهی حوکمڕانی عیزز و تەمکینی منی(٧)
ئارەزووی فیکری سیاحەت ناکەم ئیتر ئەی وەتەن!
تۆ لە جێگەی (قاهیرە) و (تاران) و (بەرلینی) منی

.........................................................................

* مامۆستا زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٢٢ی ز گوتووە، لە ژمارە (٩)ی ڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) ساڵی (١) ١٩٢٢ی ز بڵاو کراوەتەوە. لە گۆڤاری گەلاوێژ ژمارە (٧)ی ساڵی (١٠)ی ١٩٤٩دا بڵاو کراوەتەوە. لە ل١٤ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.



(١) کۆهکەن: کێو هەڵکەن، ئاماژەشە بۆ فەرهاد.
(٢) تیشە: تەشوێ، پاچ.
(٣) واتە ئەی وەتەن! هەرچەندە ئەرز و خاک و خۆڵی و لە ژێر پێ دای بەڵام لای من ئەوەندە بەرز و خاوەن شان و شکۆی وەختە بگەیتە عەرشی کردگار.
(٤) مادەر: دایک. میهرەبان: دڵ نەرم و بەبەزەیی.
(٥) ماه: مانگ. پەروین: کۆمەڵە ئەستێرەی کۆ.
(٦) واتە: وەکو چۆن پارە دەبەخشرێتەوە و دەکرێ بەشاباش، ئەی بۆ منیش جیسم و بەدەن و ڕوحم نەکەم بەشاباشی تۆ؟
(٧) خاکی ڕاهیی: خاکی ڕێگەی.

## گۆرانیی وەتەنی من کوردستانە

لەسەر کێشی (طونە نەهری)*

وەتەنی من کوردستانە، یادگاری ئەجدادمانە
بەهەشتی ڕووی سەرزەمینە، خاکی پاکی کوردستانە
با هەموومان وەک برا بین ڕەفیقی دین و دنیا بین
با لە وەحشەت تەوەللابین نۆبەتی عیلم و عیرفانە
کورد میللەتێکی ناسراوە، لە مەعاریف بەجێ ماوە
ڕۆژی سەعی و تێکۆشینە، بۆ ئەو کەسەی کورد زمانە
کورد میللەتێکی قەدیمە، ساحێبی تەبعی سەلیمە
شاهیدی ئەم موددەعایە، (صلاح الدین)ی سوڵتانە

.........................................................................

* ئەم سرووده لە ل١١٨-١١٩ی سۆزی نیشتماند چاپ کراوە.

## گۆرانی کوردستان وەتەنمانە

لەسەر کێشی (شاشیردی گیر دوشمن ارسلان یاتاغنه)*

کوردستان وەتەنمانە جێگای شێری بابانە
جێگای ئابا و ئەجداد و هەم جێگانەی شێرانە
هەر بژی ئەم وەتەنەمان
بۆ وەتەن جانفیدا بین وا خۆشە تیا فەنا بین
لە ڕێی ئەتۆ ئەی چاومان یەکە یەکە قوربانی تۆ بین
بەرە بەرە حەیرانی تۆ بین
شاخ و دەشتی کوردستان وەک جەننەت وەهایە
گشتی دەشتی وەک سەحرای ماچین و خەتایە
هەر بژی ئەم وڵاتەمان

هێلانەی حەیاتمان، ئاشیانەی سەعادەتمان
بانگ ئەکەین بۆ وەتەنمان یەکە یەکە قوربانی تۆ بین
دەستە دەستە حەیرانی تۆ بین
بەعیلم و مەعریفەت ئاوابێ سلێمانی
هەموو شاری کوردان سنە و سابلاخ و وانی
نوورانی و جوانی بێ وەتەن
وەتەنەکەی کوردان! جێگای شێر و مەردان
لە رێی ئەتۆ ئەی چاومان یەکە یەکە قوربانی تۆ بین
بەرە بەرە حەیرانی تۆ بین

............................................................

* ئەم سرووده لە ل١١١-١١٢ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

### گۆرانیی بولبول بە نەغمە

لەسەر کێشی (قافقاسیا داغلری چیچکلر ئاچار)*
لە شیعری (سمعت شعرا للعندلیب) وەرگیراوە

بولبول بەنەغمەی دڵکێش و خۆشی
گوڵزاری پڕ کرد دەنگ و خرۆشی
بانگی کرد خەڵقە سەربەست خولقاوم
لەم باخ و دەشتە رووناکە چاوم
بەشەوق و خۆشی لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ
بە هەوەس ئەچم لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
لەناو درەختا ئەکەم هێلانە
سەرم سێبەرە و فەرشم گوڵانە
کە بای سەحەری ئەشنێتەوە
لقی گوڵەکان ئەلەرێتەوە
چەندم پێ خۆشە نەغمەی ئازادی
بۆ خۆم ئەخوێنم بەشەوق و شادی
ئەگەر حەز ئەکەن دڵشادم بکەن
لە بەندی قەفەز ئازادم بکەن
گەر لاتان خۆشە ئەمن بدوێنن
بەرەڵلام بکەن وازم لێ بێنن!!

............................................................

* ئەم سرووده لە ل١١٩-١٢٠ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.



### گۆرانیی بۆ قوتابیان*

لەسەر کێشی گۆرانییەکی فارسی (ماکه اطفال این دبیستانیم)

ئێمە کە منداڵ و نەو جوانین
هەموو بەقوربانی کوردستانین
چونکە حوببی وەتەن لە ئیمانە
بە مەحەببەتە ساحێب ئیمانین
سا ئەی رەفیقان لە رێی وەتەندا
زۆر تێ نەکۆشین زۆر بێ ویجدانین
چونکە وەتەنمان کە وەک بەهەشتە
ئێمەیش لە ناویا وەکو غیلمانین
هەر بەهەواکەی کوردستان ئەژین
لەم باغەدا بولبولی خۆش خوانین

............................................................

* ئەم شیعرە لە ل١٠٩-١١٠ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

### گۆرانی لەسەر کێشی

تیشیتردی شووطنه یوللادی ئاننەم بنی*

ئەساسی ئەم مەدرەسەیە ئینشائەڵلا مەسەرڕەتە
بۆ ئەم وەتەنە وێرانە بۆ ئەم قەومە بەدبەختە
وەتەن موحتاجی ئێمەیە ئێمەیش موحتاجی علووم
حەیفە هەروا بێ سەمەر بێ ئەم باخ و ئەم جەننەتە
لە پەنای عیلم و مەعاریف ئێمە ئەکەین ڕەجایێ
وەک میللەتانی سەر زەمین سەربەرز بێ ئەم میللەتە
خار و خاشاکی کوردستان نایدەم بەمولکی جیهان
ڕەببی دەرنەچێ لە دەستمان جێی سونبول و گوڵزاران
ئەی شاگردانی مەدرەسە، ڕاحەتی ئیتر بەسە
ڕۆژی غیرەت هەوەسە بێینە ریزی شاران

............................................................

* سۆزی نیشتمان ل١١٨.

### گۆرانیی شاگرد*

زەمانی تیفلیی تێپەڕ بوو سەلامەت
لەجێی هات وەختی سەعیی زۆر بەقیمەت

بەڵێ حەوت ساڵەگیم ڕابوورد و ڕۆیی
گەیشتمە ڕیزی لاوانی بەهیممەت
لە ڕێگای خوێندنا وا تێدەکۆشم
کە بچمە مەرتەبەی ژووڕووی زەعامەت
بەسەعیی من دڵی خۆشە موعەللیم
ئەپۆشم بەرگی ئەربابی کەرامەت
لە دەرسا هۆش و گۆش حازر ئەکەم بۆی
هەتاکو تێ بگەم دەرسم تەمامەت
کە جوابێکم بڵێم وەختێ دەپرسێ
ڕەزا بوونی (تەبەسسوم)یە عەلامەت!(١)

* ئەم هەڵبەستە سروود ئامێزە لە لاپەڕە ٨٨ی کتێبی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١) تەبەسسوم: زەردەخەنە

## گۆرانی

لەسەر کێشی (روم ایلنیک داغلری وار)*

ئەی شاگردانی وەتەن ڕۆژی فەزڵ و هونەرە
لەم وەخت و لەم زەمانەدا دانیشتنمان زەرەرە
نەو نەمامی ناو وەتەنین زیندەگیمان بۆ چییە
بێ شەوقی عیلم و مەعاریف جووڵانمان بێ سەمەرە
دەس لە مل یەکتری کەین باوەک برا بین هەموو
چاوی لە دەستی ئێمەیە ئەم دایکە قوڕ بەسەرە
مەکتەب شوورەی قەڵامانە بۆ حیفزی دین و دنیا
ئینسان کە نەخوێندەوار بێ کەم قەدر و بێ جەوهەرە
کوردستانمان بۆ بێبەش بێ لە ئەنواری مەعریفەت
ئاووهەوای وەک بەهەشتە داروبەردی گەوهەرە

* ئەم سرووده لە ل١١٧ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.



## گۆرانی

لەسەر کێشی ئەرێ هۆشل*

سەرکەوە کوردە وەڵڵا سەرکەل گوڵزارە
ناو شیو و ناو دەشت بەخوا جێی مورومارە
بە غیرەت بە، نەوەی شێری، زۆر دلێری
بۆچی لەم عەسرە ڕۆڵە هەر تۆ ئەسیری
ئەگەر سەرکەوی بەخوا سەرکەل بەهارە
هەموو شاخانی وەڵڵا دنیات لێ دیارە
بە هیممەت بە، بەقیمەت بە، تۆ پڵنگی
بۆچی لەم دەورە کوردە هەر تۆ دڵ تەنگی
سەرکەوتن وەڵڵا ئەمڕۆ هەر بەخوێندنە
میللەتی جاهیل وەڵڵا چاری مردنە
بە غیرەت بە، نەوەی شێری، زۆر دلێری
بۆچی لەم عەسرە ڕۆڵە هەر تۆ ئەسیری

* ئەم هەڵبەستە لە ل١٢١ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

## گۆرانی

لەسەر کێشی ئوردومز ایتدی یمین

(صلاح الدین) سوڵتان، (کەریم خان) شاهی ئێران
نادر شاهی حوکمڕان، هاتەوە یادی کوردان
ئازادیمان داوا کرد، سەربەستیمان پەیا کرد
ئۆردووی کوردمان ئینشا کرد
ئۆردووی خاکی کوردستان، هەر یەکە شێری مەیدان
پڵنگی دەشت و کێوان لە حیمایەی خودا دان
ئازادیمان داوا کرد، سەربەستیمان بەرپاکرد
ئۆردووی کوردمان ئینشا کرد
بۆداق بەگی شێر ئەفگەن، سەلیم بەگی ڕووبیتەن
دلێرانی سەف شکەن، هاتەوە یادی وەتەن

ئازادییان داوا کرد، سەربەستیمان بەرپا کرد
ئۆردووی کوردمان ئینشا کرد

.....................................................................

* ئەم شیعرە سروود ئامێزە لە ل١١٢-١١٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

## گۆرانیی لەسەر کێشی

أعدای وەتەن حملەی شێرانە مزی طانیور*

سندوقچەیی نەقدی بەدەنی باوک و برا و عەزیزان
خاکی وەتەنە بیکەین بەکلی چاوان
باخی وەتەنە باسی کەین بەدڵ و گیان
ئەی شێر نەژادان هەموومان لە مەیدان بەغیرەت بوەستین
پشتێنی حەمییەت بەتەواو ببەستین
بۆ فیداکاری لە ناو دۆشەکا هەستین
ئەی ئەبنای وەتەن! ئێمە هەموو مەردین بەعەزم و سەبات
لای میللەتی کورد قەدری نەماوە حەیات
پێش زیللەتی خۆیان ئەخەن دەردی مەمات
ئەی تازە جوان لە نەسلی ئەوانین شەرتە فیداکارین
بۆ دەفعی عەدوی خاکی وەتەن بێداریی
دەست لە ئێمە نەسرەت لە جەنابی باریی

.....................................................................

* ئەم شیعرە لە ل١١٥ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

## گۆرانی

لەسەر کێشی: ئەی وەتەن ئەی ئومی موشفیق*

ڕەونەقی باخی حەیاتی میللەتە عیلم و فنوون
میللەتی بێ عیلم و دانش هەر ذەلیلە و هەر زەبوون(١)
قەومی کورد موحتاجی ڕەحمە چونکە مەحوی کردووە
زللەیی دەستی حەوادیس لەقڤەیی دنیای دوون(٢)
هەر لەناو چاهی مەزەللەتدا ئەمێنی دائیما
تاکو ئەلطافی حکوومەتمان ئەبێتە ڕەهنموون(٣)



هەر بژی عەدلی حکوومەت واسیتەی ڕاهی نەجات
عەدل و ئیحسانی حکوومەت، لا ئەبا داخی دەروون(٤)
بێ مەعاریف ئێمە ناژین ڕێی تەرەققی ناگرین
هەربژی حامی مەعاریف، زیندە بێ عیلم و فنوون(٥)

.....................................................................

* ئەم شیعرە لە ل١١٥-١١٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١) دانش: زانست.
(٢) حەوادیس: کارەسات. دوون: پەست.
(٣) چاه: چاڵ. مەزەللەت: ژێر دەستەیی و زەلیلی. ئەلطاف: کۆی (لُطف)ە، بەزەیی و دڵ پێ سووتان. ڕەهنموون: ڕێنمایی.
(٤) ڕاهی نەجات: ڕێگەی ڕزگاری.
(٥) تەرەققی = ترقي: بەرزبوونەوە و پێشکەوتن.

## بۆ قوتابییان*

ئەی گوڵی گوڵزاری دین، ئەی نەو جەوانانی وەتەن!
ئەی لە مەعنادا بەقیمەت یەک بەیەک دوڕڕی عەدەن
ئەی نەوەی باز و شەهین بۆ تۆ جەلادەت فیطرییە(١)
سەیری ئەطرافت بکە یەکبارە ڕاوی تۆ ئەکەن
دەرسی سەحی قەت مەخوێنن هۆش و فکرێکتان ببێ
دەرسی «تاریخ»تان کە خوێند «جوغرافیا» دیقڤەت بکەن
ئەندەلوس، تونس و جەزائیر، فاس و قویروس و قرم(٢)
تا دەگاتە خیططەیی بەڵخ و بوخاراو و دەکەن(٣)
مەنبەعی عیلم و هونەر بوو، جێی موسوڵمان بوو هەموو
پێت بڵێم: بۆچی لەدەست چوو کەوتە دەستی ئەهریمەن(٤)
زوڵمەتی جەهل و عەداوەت نووری ئیسلامی نەهێشت
فرصەتی دەستکەوت عەدوو نەیخستە لەفزی (لا)و(لن)(٥)
تۆیش ئەگەر فرصەت لەدەست دەی ئەبیە مەملوکی کەسێ
شەوچرا هەڵگر ئەبی ڕۆژیش ئەشۆی جام و لەگەن

.....................................................................

* ئەم شیعرە لە ل١٣ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە ئەوەش دەگەیەنێ کە زێوەر ئەم شیعرەی ساڵی ١٩٢٥ز بۆ قوتابییانی قوتابخانە وتووە. هەروەها لە (ژین)ی ژمارە ١٠٤٨ی ساڵی ١٩٥١دا بڵاوبۆتەوە.
(١) جەلادەت: پیاوەتی و ئازایەتی.
(٢) ئەندەلوس: ئەمڕۆ بەناوچەیێکی جنوبی ئیسپانیا دەگوترێ کە لە هەشت قەزا پێک هاتووە. بەڵام لە کۆنا چەند جار گۆڕان

بەسەر مەساحەکەیدا هاتووە. تونس: پایتەختی کۆماری تونسە. جەزائیر: پایتەختی کۆماری جەزائیرە. فاس: شارێکە لە شانشینی مەغریب پایتەختی عیلم و زانیاریی ئایینی بووە. چۆمی فاس کردوویەتی بەدوو بەشەوە. قوبرووس، قبرص: دورگەیەکە کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست نێوان تورکیا و سوریا. قرم: شیبهە جەزیرەیێکە کەوتۆتە نێوان بەحری ڕەش و بەحری ئازوفە و بەشێکە لە کۆماری ئۆکرانیا.

(٣) خیططە: واتە سنوور یان پارچە زەوییێکی دیاری کراو. بەڵخ: شارێکی گرنگی مێژوویی بووە ئێستا بریتییە لە گوندێک لە ئەفغانستان. بوخارا: شارێکە لە جنوبی ڕۆژئاوای ئیتحادی سۆڤیەتی، شێخی بوخاری محەممەدی کوڕی ئیسماعیل خەڵکی ئەوێیە. دەکەن = دککەن: ناوچەییێکی شاخاوییە لە جنوبی هیندستان ساڵی ١٢٩٤ی زایینی موسڵمان بوون. ئەم هەرێمە مەڵبەندێکی گرنگ و بەپیتە گرنگترین شاری (حەیدەر ئابادە).

(٤) ئەهریمەن: شەیتان، کانگەی شەڕ و تاریکی و ناخۆشی.

(٥) (لا) و (لن)، لا وەلەن: مەبەستی دوو وشەی عەرەبین (لا)ی نافیة و (لن)ی ناصبة. کە ئینسان شتێکی دێتە پێش و لێی دوو دڵە و دەیەوێ نەیکا. ئیتر بەعەرەبی وشەی (لا) یان (لن) دەخاتە سەر فیعلێک. بۆ نموونە دەڵێ: «لا أذهب» یان «لن أذهب... الخ».

ئاماژەشە بۆ دوو هەڵوێستی بەنی ئیسرائیلی کە لە ژیاندا سەرپێچی گەورەی خۆیان کردووە و تێ شکاون. یەکەمیان کاتی طالوت فرمانی پێ کردن کە شەڕ بکەن لەگەڵ دوژمنەکانیان سەربێچیان کرد و وتیان «لا طاقة لنا بجالوت وجنوده...» بقرة/٢٤٩.

دووەمیان کاتێ حەزرەتی مووسا فرمانی پێ کردن کە بچنە ناو گوندێکەوە و شەڕ لەگەڵ دانیشتووەکانی بکەن بۆ خۆیان تێیدا دانیشن، وتیان «قالو یا موسی انّا لن ندخلها ما داموا فیها فاذهب أنت وربك فقاتلا أنّا ههنا قاعدون» النساء ٢٤.

## قسەی شاگردێک*

هەمــوو بەیانی کــە لە خــەو هەســتم
پاک ئەیشۆم چاو و ڕوومەت و دەستم
بەفــر و با نەبێ ســەریشم ئەشــۆم
یەک دوو پارچە نان بەچاوە ئەخــۆم
جلی شــەونوستن لە خــۆم لا ئەبەم
بە جلی مەکتەب بەدەن ڕێک ئەخەم
ئەمجا هەڵدەستم بۆ چوونە مەکتەب
ئەڕۆم بەڕێوە بەحــــەیا و ئەدەب
دەفتەر و کتێب قەڵەم هەڵدەگرم
بە وردە وردە ڕێی مەکتەب ئەگرم
لە ڕێگا لەگەڵ کەس هەرا ناکەم
بە بەردەفڕکێ خۆم ڕیسوا ناکەم
ئەچمە ناو مەکتەب لەگەڵ ڕەفیقان
گۆرانی ئەڵێم یاریش ئەکەم جوان



کە وەختی دەرس بوو ئەچمە دەرسخانە
لەلام خــۆشــترە لە ســەد چاخــانە
گــوێ لە دەرس ئەگرم ئەیکەمە بەرم
ئەیشــینووســمەوە لەناو دەفتەرم
ئاوابێ مەکتەب جێگای خوێندنە
جێگای تەربییە و هونەر سەندنە

..............................................

* زێوەر ئەم شیعرە نەسیحەت ئامێزەی بەزمانی قوتابییەکی قوتابخانەوە وتووە لە ل٨٦-٨٧ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. هەر لەم هەڵبەستە جارێکی تر دوو دێری گوێزراوەتەوە بۆ گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە ٦١ی ساڵی ١٩٨٧ی ز ل٨.

## بۆ منالانی قوتابخانە*

من منداڵی بچووکم، مەکتەبە ڕۆح و سەرم
بەسەعی و خۆشی خۆشی، دەرسم ئەکەمە بەرم
سەعی گەر ماندووم ئەکا شادم دەرسم ڕەوانە
منداڵێ کە تەمەڵ بێ خوێڕی ناو کۆڵانانە
دنیا چاوی ڕۆشن بوو بەسایەی عیلم و فەن بوو
ئەی ڕەفیقانی مەکتەب ڕۆژی عیلم و عیرفانە

..............................................

* ئەم سێ دێرە شیعرە نەسیحەت ئامێزە پەروەردەییە لە ل٨٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە. هەمان هەڵبەست لە هەمان سەرچاوەوە گوێزراوەتەوە بۆ گۆڤاری (کاروان)ی ژمارە ٦١ی ساڵی ١٩٨٧ی ز ل٨.

## بالۆرەی کچە کوردێک*

کــیژۆڵەی کــوردســتانم
بە ڕەزای ســـەر بەردانم
کــەنیێرەی ناو شــاخانم
لە خــواوەیە من جــوانم

**

ئەی ئەو کــەســەی بێ دینە
تۆ وەرە مــن بــبــینە
کــاری خــوا چەند شــیرینە
لە خــواوەیە من جــوانم

**

نه وەک ڕۆمی و فەرهەنگم
بە دەرمان جوان بێ ڕەنگم
کچێکی شۆخ و شەنگم
لە خواوەیە من جوانم

**

نەسۆدانی و حەبەشم
نە لچ زل و ڕوو ڕەشم
هەمیشە وەک گوڵ گەشم
لە خواوەیە من جوانم

**

کەنیرەی شاخ و دەشتم
وەک گیابەنی بەهەشتم
ڕیحانەیە سروشتم
لە خواوەیە من جوانم

**

من بازی دارەستانم
چاو شەهێنی کوێستانم
ئاوا بێ کوردستانم
لە خواوەیە من جوانە

..........................................................

* ئەم شیعرە لە ل١١ی سۆزی نیشتمان وەرگیراوە.

## گۆرانی

لەسەر کێشی یا بلادي، یا بلادي یاضیاء البلدان*

ئەی عێراق ئەی عێراقم ئەی نووری چاوان!
چەندە جوانی لە نەزەردا بوویتە گوڵشەنمان
لە شیمال و لە جنووبا مەنزەرەی فەتتان
دانیشتوانت وەک برامن، وەک برای هاوجان
شاخەکانت دەشتەکانت ڕۆح ئەبەخشێ پێم
ئاوی صافت جێی تەوافت لادەبا ئەحزان



ئاگری عەشقت لە دڵدا ڕۆشنە بۆمان
تۆ حەیاتی جێی بەراتی مەنبەعی ئیمان
..........................................................
..........................................................

..........................................................

* سۆزی نیشتمان ل١٢١-١٢٢.

## گۆرانی

لەسەر کێشی اطەلر ساحلندە بکلیورم*

خاکی (بەرزنجە) چەندە دڵگیرە
جێگەیی قوتب و ئەولیا و پیرە(١)
ڕەببی ئەم جێگە خۆشە ئاوابێ
مەنبەعی عیلم و فەیزی مەولابێ(٢)

**

شاخەکانی بەرامبەر و (خەشنۆ)
خۆشترن سەد لە(لاهیجان)و(شنۆ)(٣)
وەتەنێکی عەزیزە بۆ من و تۆ
مەسکەنی کوردە، ڕەببی ئاوابێ

**

کوڕە کاژاو و شاخی مایاوە(٤)
سەیری دەشتی، هەموو جەلای چاوە
جەننەتە خوا بەئێمەی داوە
وەتەنم خۆشەویستە ئاوابێ

**

زەردەیی ڕۆژ ئەدا لەسەر شاخی
سوور ئەبێ بەفری وەک گوڵی باخی
سپیی و زەرد و سوورە بەیداخی
ڕەببی ئەم جێگە خۆشە ئاوابێ

**

مەنزەرەی بارشی بەهارانی
هاژەی ئاوی بەفری شاخانی

شـــاخی لوبنان ئەکـــەم بەقـــوربانی
ڕەببی ئەم خـــاکـــە پاکـــە ئاوابێ(٥)

................................................

* ئەم شیعرە لە ل١٢٠ –١٢١ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.
(١)(قوتب = قوطب) و (ئەولیا) و(پیر) پلەی مەعنەوی پیاو چاکانن.
(٢) فەیز = فیض: لێشاوی ڕەحمەت. مەولا: پەروەردگار.
(٣) خەشنو: شیوێکە لە ڕۆژهەلاتی بەرزنجە.
(لاهیجان) و (شنۆ) دوو ناوچەن لە کوردستانی ئەودیو.
(٤) کوڕە کاژاو و مایاوە: دوو کێوی بەرز و خاوەن ئاوی ساردن لە شارباژێڕ.
(٥) ئەم پارچە شیعرە بۆ قوتابییانی بەرزنجە وتراوە بەسروود بیلێن.



دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەی نموونەی سەعادەت لەسەردەمی شێخ مەحموددا ساڵی ١٩٢٠
١- مامۆستا زێوەر ٢- مامۆستا مەلا سەعیدە ئەفەندی کابان ٣- خواجە ئەفەندی ٤- ڕەشید کابان
٥-عەبدوڵڵا سەبری ٦- شێخ ئەوڕەحمان (نەسیب) ٧- ئەحمەدی عەزیز ئاغا

### قسەی قوتابییەک*

ئێـــمـــە منالێن: وەتەن مـــالـّــمـــانە
مامۆستا باوک، مەکتەب دایکمانە
قـــوتابی هەمـــوو وەک برامـــانە
کوردی خۆشەویست نووری چاومانە
ئەبێ تێکۆشین ئەمـــڕۆ مـــەردانە
چونکو وەتەنمان چاوی لێـــمـــانە

................................................

* ئەم سروودە لە ل٩٥ی سۆزی نیشتمان وەرگیراوە.



### گۆرانی

لەسەر کێشی بەهاران چ مەحزوونی ئەنالێنێ بولبول*

بنالێنە بولبـول کـە وەقـتی فـوغـانە
لەسەر چڵ نەما گوڵ نیشانەی خەزانە
دەربەدەربە خـاک بەسـەربە
تاکـو مـاوی بێ زەرەر بە
وەتەن بانگی کردم بەئاوازی مەحزوون
کەوا ئەووەڵـی سوبحە هەستە بەیانە
خوێندنت بێ غـیـرەتت بێ
تا لە دونیا حورمـەتت بێ

................................................

* ئەم گۆرانییە لە ل١١٩ی سۆزی نیشتمان وەرگیراوە.

### گۆرانی

لەسەر کێشی دائماً نمشي للأمام*

ئێـــمـــە وا دائیـــمـــا بەدڵ و گـــیـــان
سەعی ئەکەین هەوڵ ئەدەین بۆ تورەقیمان
تـاکـــو خـــزمـــەت بکـەین بۆ وڵاتمان
بۆ تەعـالی بۆ تورەقی فـەرزە ئیجـتیـهـاد
بێ ئەزییـەت بێ حەمییـەت ناگەینە مراد
شـەرتە بۆ مـیللەتی بێ عـیلم و بێ کـەس
شـەو و ڕۆژ تێکۆشی نەفـەس بەنەفـەس
لەگـەڵ هاو قـەومـدا دەس بخـاتە دەس
بۆ تەعـالی بۆ تورەقی فـەرزە ئیجـتیـهـاد
بێ ئەزییـەت بێ حەمییـەت ناگەینە مراد

................................................

* ئەم شیعرە گۆرانی ئامێزە لە ل١١٥-١١٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

## گۆرانی

لەسەر کێشی گلّدی بەهاری دڵ گوشا*

عەسر و زەمانی خوێندنە، مەکتەب حەیاتی عالەمە
گەر شەو لەسەر ڕۆژ دابنێین، بۆ قەومی کورد هێشتا کەمە
جەهد و حەمییەت لازمە، عیرفان و هیممەت لازمە
شاران شەویشیان بۆتە ڕۆژ، ئەمڕۆ لە سایەی عیلمەوە
ئەترافی کورد هەر زوڵمەتە، دەوری سەریشمان هەر تەمە
جەهد و حەمییەت لازمە عیرفان و هیممەت لازمە

.............................................................

* ئەم سرووده لە ل١١٥-١١٦ی سۆزی نیشتماندا چاپ کراوە.

## گۆرانی*

خاکی عێراقم سەر بەسەر، پڕ مەعدەن و دوڕڕ و گەوهەر
جێی عیلم و جێی فەزڵ و هونەر، باخاتی پڕ میوە و ثەمەر
کەوسەر بەناویا جارییە، دڵ عاشقی ئەنهارییە
بەحریشی پڕ مروارییە، شاخی هەموو پڕ سیم و زەڕ
بنواڕە شاخ و کێو و دەشت، وەک سەبزە زاری ناو بەهەشت
هەر لایقە بۆ سەیر و گەشت، ئایا بەشام، ئایا سەحەر
شیرین وەتەنمانە عیراق، ڕۆحی ڕەوانمانە عیراق
ڕەنگین چەمەنمانە عیراق، تۆزی هەموو سورمەی نەزەر

.............................................................

* ئەم هەڵبەستە لە لاپەڕە ١٤ی دەستنووسی شاعیر وەرگیراوە لە لاپەڕە ٩٨-٩٩ی سۆزی نیشتمانیشدا چاپ کراوە.

## جوگرافیای عیراق

بۆ منداڵە پچکۆڵەکانی مەکتەب

بەسە منطقە عیراق بەش کرا
شیمال و وەسەط جنوب ناونرا
هەموو شارێکی پێی ئەڵێن لیوا
چواردە لیوایە بینرانە هەروا
چوار لەم شارانە کەوتووتە شیمال
سلێمانییە و کەرکووکی خۆشحاڵ



هەولێر و موصڵ شاری مەشهوورن
بە زراعەت و صەنعەت مەسروورن
منطقەی وەسەط هەمووی شەش شارە
یەکێ بەغدایە ئەڵێی گوڵزارە
دیالە و دلێم، حللە و کەربەلا
شاری کوتیشە دوور بن لە بەڵا
منطقەی جنوب ئەویش چوار شارە
شاری بەصرەیە لەگەڵ عیمارە
سێیەم مونتەفک چوارەم دیوانی
لازمە ناوی هەمووی بزانی
لیوای دیالە مەرکەزی زۆر جوان
لەم ئاخرەدا بۆتە شارەبان
لیواکەی دلێم شاری ڕومادی
بۆتە مەرکەزی لە دەشت و وادی
لیوای مونتەفک ناصریەیە
شارێکی تازە و بەقاعیدەیە

## حدود و چوار طەرەفی عیراق

حدودی عیراق شەرقی ئیرانە
غەربی سوریە هەر بیابانە
هەموو شیمالی هی تورکیایە
شیمال شەرقی ئیرانی تیایە
جنوبی خەلیج ئیمارات و کوێت
صەحرای نەجدیشە مەعلووم بێ لێت

## ئیدارەی عیراق

ئیدارەی عیراق بۆتە مەشروطە
حکوومەتێکی جوان و مەضبوطە
بەغدا پایتەختە مەلیک نشینە
لەگەڵ وەزیران ئیدارە بینە

مەجلیسێ میللت مەجلیسێ ئەعیان
قانوون ڕێک ئەخەن بەدڵ و بەگیان
لەگەڵ ڕێکخرا قانوون و نیظام
تەطبیقی ئەکەن وەزیران تەمام

### نەهرەکانی عیراق

نەهری ناو عیراق دیجلە و فوراتن
ئەڵێی کەوثەر و ئاوی حەیاتن
خێر و نەفعیان ناکرێ ژمارە
دروستە بڵێی قەطرەی دینارە
تێکەڵاو ئەبن لای قورنە هەردوو
ئەمجا گوم ئەکەن ناوەکەی پێشوو
بە شەط ئەلعەرەب شوهرت وەرئەگرێ
بە هەموو نەوعێ ئاوی لێ ئەبرێ
سەرچاوەی دیجلە خواری گۆڵی وان
بەلیوای موصڵ دێتە ولاتمان
فورات لەناو تورک دێتە سوریە
لە دێر بۆ عیراق وەستانی نییە
هەروەک عاشقی مەجنوون و موشتاق
هەردووکیان خۆیان ئەکوتن بۆ عیراق

### تجارەتی عیراق

### صادرە

تجاری عیراق تجارەت ئەکا
دراوسێکانی زیارەت ئەکا
ئەچینە نەجد و کوێت و ئیران
فەلەستین و ئەردەن، سوریە، لوبنان
بۆ هندستان و ئەوروپاش ئەڕوا
لەو ماڵەی عیراق کە ئەبێ ئەیبا
ئەنواعی خورما ئەنواعی خەلە
حەیوانی ناڵدار، سمدار بەگەلە



کەتیرە و مازو و بنێشت و خوری
هەتا هێلکەی زۆر لەگەڵ مامری
لە ساڵی هەزار و نۆ صەد و سی و چوار
لە موصڵەوە ڕۆیی مامر صەد هەزار
صەد و سی هەزار بزن لەگەڵ مەڕ
ڕۆیی بۆ سوریە بەڕێی چۆڵ و بەر
پێنج هەزار صەندوق هێلکەش نێررا
یاخوا ئاوابێ مەملەکەتی وا

### وارده

ئەوەی بۆ عیراق دێ لە دەرەوە
قاوە و چایی بەشەکرەوە
کوتاڵی زۆر و ماڵی عەطاری
عیراقی پڕ کرد لای سەرووخواری
نەوعی عەطریات قیسمی مەسکرات
پول و پارەیان بڕی لە ولات

### نفوسی عیراق

چوار ملیۆن ئەبێ نفوسی عیراق
ڕووی لە زیادییە بەئەمری خەللاق

لە کتێبی سیر الأطفال حیکایەتی منداڵان و هێندێ کتێبی (قرائە)م تەرجەمە کردووە بەکوردی بۆ هەموو منداڵانی مەکتەب لازمە ئەم شیعرانە لەبەر بکەن چونکە نەصیحەت و ئەخلاق تەئسیر لە ڕۆحیش ئەکا و گەورەش ببی ئەو تەئسیرە هەر ئەمێنێ (ومن الله التوفیق).

### خوا ناسین

هەر خوایە (جَلّ شأنە) صاحێبی صیفاتی باقییە
خوای خەلق عەرد و ئاسمان خوای بەحر و ئاوی جارییە
گوێی لێیە هەرچی تۆ بڵێی گەر ئاشکرا و پەنهانییە
مێرووڵەیەک بڕوا بەشەو لای ئەو وەکو ڕۆژ دیارییە
زۆر نیعمەتی وای داوە پێت خارج لەفکری عالییە
دانا و توانایە بەحەق ذاتی لە نقصان خالییە
ترست ببێ لەو خالیقە قەهری نەصیبی عاصییە

## باوک

ئەی بابە ئەی نووری نەظەر
زۆر حەقی تۆم کەوتۆتە سەر
هەرتۆی کە داوتە تەربییەم
دائیم بەصەد خوێنی جگەر
خۆراکی پاک و بەرگی جوان
پەیدا ئەکەی بۆم ئەی پدەر
وەختێ ئەزیەتێکم ببێ
لات تاڵ ئەبێ شەهد و شەکەر
خۆت ڕائەکەی بۆ لای حەکیم
خەرجی ئەکەی چەند زیو و زەڕ
ڕێی خوێندنت بۆ کردمەوە
چونکە بەخوێندن ئەچمە سەر
بۆ حاڵ و ئیستقبالی من
کۆشش ئەکەی تۆ بێ کەدەر
چاکەت ژمارە ناکرێ
ئەی سرووری عالی گەوهەر
قەرضت لەسەرمە بابە گیان
ئاخر نەمامت دێتە بەر

## دایک

کێیە ناساغ بم بکا شین و گرین؟
وەختی ساغیم بێتە خۆشی و پێکەنین
خۆشەویستی خۆمە دایکی نازەنین
کێیە ڕەحمی هەر لەسەر من بێ تەواو
هەر خەریکی خزمەتی من بێ بەچاو
خۆشەویستی خۆمە دایکی نازەنین
وەختی پیریت دایە ئەی ئارامی گیان
کێیە قەدر و حورمەتت بگرێ بەگیان
دایەلێی خۆمم خودا یار بێ و مەعین



## قوتابییەک نەصیحەتی ڕەفیقانی ئەکا

لاوانی وەطەن غیرەت بکەن
دەی لە خەو هەڵسن وا بەسەرچو شەو
نەما زەمانی جەهل و نەزانی
ئەمڕۆ فرصەتە ڕۆژی هیممەتە
بە عیلم و صنعەت بەرز ئەبێ میللەت
عالەم هەمیشە خەریکی ئیشە
ئیش کەن بەمەردی بەدەستوبردی
یەک دڵ و دەم بن تا ڕۆژی مردن

## گۆرانی فەلاح

من فەلاحێکی وڵاتم
ئەی کەم بەئاڵتوون زراعاتم
لەناو دەشت و شاخ و بەردا
لێم گوم نابێ دەستەڵاتم
لە میوەکەم ئەخورێ ترێ
باغم سێو و هەرمێ ئەگرێ
تووتنیشم تا بەصرە ئەبرێ
هەر زیرە لۆکەم ئەگرێ
خوری مەڕ و ڕوونی مانگا
مەرەز ئاوریشمە لەڕەنگا
لەم نعمەتە هەمە ئێستا
نەفعێکی زۆرتان پێ ئەگا
بەڕەنج و قووەتی گاجووت
ئەمن ئەی هێنمە دەستم قووت
هەتا ئەمنێنە ناو تابووت
ئەبێ خدمەت بکەم مضبوط

## گۆرانیی کەشافە

کەشافەم و صاحێب هونەر، لام شادییە وەختی خەطەر
ئەستوونی قەوم موعتەبەر هوردووی شەڕەف نەسلی ظەفەر
کـردار و ئەخـلاقی جـوان گـرتم لە ئەهلی پێـشـووان
بیـر و خـەیاڵم هەر زەمـان بۆ خـدمـەتی بەسـتم کـەمـەر
دوورم لە بێ نـامـووسـەکـان ناکـەم درۆ غـەدر و زیان
هەر کەس دراوسێم بێ بەجان پێڵاوی دێنمە تەوقی سەر
هەرچەندە منداڵین هەمـوو عـالی نەژاد و بێ ضـەرەر
ئەمـڕۆ بەسـەعی و غـیـرەتم، صبـحـەینێ بەرزە حرسـەتم
ناو سەختی چوتە صەنعەتم، لام وەک حەضر وایە سەفەر
نەفسێ کەوا پڕ هیـمـمـەتە بەخـشـینی لام بێ قـیـمـەتە
سـەرفی علوم و مللەتە بۆ ڕاهی حـەق ئەیکەم هەدەر
دەشت و بیـابان ڕێگەمـان، جـار جارە بەحـرە جێگەمـان
ئەشچینە قوبەی ئاسمان سەر کەوکەب و شەمس و قەمەر

## قوتابی صەنعەتکار

کـە ڕۆژ بێـتـەوە من صـەنعـەتکارم
صاحێبی ڕەند و تەشووی و مشارم
کـە شـەوم لێ هات ئەمن قـوتابیم
قـەلەم و کـاغـەز کـتـێـبە یارم
بە ڕۆژ صەنعەتکار بەشەو خوێندەوار
بێ هوودە نیـیـە من هەمـوو کـارم
وەک ئەهلی عـیلم زۆر بەحـورمـەتە
ئەهلی صـەنعـەتیش قـەدری دیارە

## حەکیم

من حـەکـیـمـێکی چاک و بەهوشم
دائیم خـەریکی کـاری نەخـۆشم
چاری دەرد ئەکـەم بەدەرمـانی باش
هەتا شـیـفـای دێ بەفکر و هۆشم



چاکبوونی نەخۆش حەقدەستی منە
چاو لە ئوجـرەت و حـەقی ئەپۆشم
حقـووقـیـان هەیە خـەلق بەسەرمەوە
لام یەکـە غـەیر و هاودینی خـۆشم
چونکە ئینتیـهـای عـیلم هەر نییـە
بە هەمـوو نەوعێ من تێ ئەکـۆشم
بۆ هەمـوو دەردێ دەرمـانێ هەیە
وەقـتی عـیـبـادەت بۆیە ڕووخـۆشم

## سەعات

سـەعـاتەکـەی من جـوان و بەکـارە
ڕۆییینی وەقـتـان ئەکـا ژمـارە
کـە دەورەی شـەو و ڕۆژی تەواو بوو
دووبـارە سـازی ئەکـەم زوو بەزوو
پاش و پێش ناکـا بەیەک دەقـیـقـە
زۆرم خـۆش ئەوێ وەکـو ڕەفـیـقـە
هەر کـارم بێ بەوی ڕێک ئەکـەم
بە تەرتیبـێکی زۆر باش و مـەحکەم
هەر کەس بەتەرتیب ڕێک نەکا کاری
ڕێکوپێک نابێ هەمـوو کـرداری

## تۆپی پێ

ئەی تۆپەکـە فـووت بۆڵەکـە من دێم لە دەسـتم ڕامـەکـە
تۆ تـۆپی یاری کـوردنی وەک کـولەکـەی ڕۆحی منی
وەختێ کـە چوویتـە ئاسمـان بانگ کـە لەگەڵ من یەک زبان
خۆش بێ وەتەن خۆش بێ وەتەن بەزربێ وەتەن بەعیلم و فەن

## شاگردێ تەشویقی ڕەفیقانی ئەکا بۆ خزمەتی وەتەن

ئەی لاوی وەتەن ئەی صاحێب ذەکا
گوێ بگرن وەتەن چۆنتان بانگ ئەکا
بانگ ئەکا ئێـوەش ئیـتـر هەستن
بۆ ڕێی پێشکەوتن کـەمـەر ببەستن

به عەزمی خۆتان کەبێ نقصانە
دەفعی کەن لای بەن بەڵای زەمانە
کارخانەجاتی لۆکە و سجادە
لە هەموو لایێک بکەن ئامادە
ڕێی ئاوەدانی قوتابخانەیە
بۆ بەرزی وەتەن ئەو نیشانەیە
بە سەعی و عەمەل بەعیلم و بەفەن
بڵندی بکەن بەیداخی وەتەن

## دوو ڕێوی تەمەعکار

دوو ڕێوی زۆرزان هەردوو تەمەعکار
لە تاو برسێتی بوون بەسەگی هار
بیان دیایە ئەگەر کاڵە کون
وایان ئەزانی گۆشتە و هیزە ڕوون
هەوڵیان ئەدا بەدەشت و دەردا
مەشکە کۆنێکیان هات بەنەزەردا
تاویان لێ دا کەوتنە سەما
وایان ئەزانی خوانێکە یەغما
یەکێکیان پێش کەوت قەپی لێ دا زوو
ڕێوییەکەی دواوە سواری کۆڵی بوو
مەشکەی فڕێ دا ئازا وەرگەڕا
پەردەی دۆستی وناموسیان دڕا
بەر بوونە یەکتر بەچنگ و بەدەم
هەریەکێ ئەی وت بەشی تۆ نادەم
خەریکی شەڕ بوون داڵێ لە هەوا
روو هات مەشکەی برد بێ شەڕ و دەعوا
ئەمجا ڕێوییەکان کە ئەمەیان دی
لەیەک بوونەوە بەنائومێدی
نەتیجەی حیرس و ناڕێکی داوا
هەر مەئیوسییە لە هەردوو دنیا



## پشیلەی ڕیاکار

بە زەردەخەنە برزو هات بەتاو
بەدەستیەوە بۆ دەورەیەک پلاو
بەدەستەکەی تر کولێرەیەک بوو
لە هەردوو دیوی ڕوون تێ هەڵسوواو
بۆنی چێشتەکە و کولێرە چەورە
پشیلەی کێشا وەک ماسی ناو ئاو
لەبەردەم برز و پشیلە بەلەک
نەختێ یاری کرد لەگەڵ میاوە میاو
کلکی بڵند کرد پشتی دانەواند
وەک مەراییکەر دەستی لەسەرچاو
برز و زیرەک بوو سەری بۆ گوێی برد
وتی ئەی ڕەفیق سەد جار لێت سەڵاو
ئەم مەراییە ئەم مەحەببەتە
من لێت ناگەڕێم بەنانی سووتاو

## تەمثیل

تەمثیلە فەن عالییە ئەحواڵی پێشووانە
نەقلی ئەکا ممثل بۆ ئەهلی ئەم زەمانە
تەمثیلچی دێتە مەیدان ئەچێتە جێگەی خۆی
دانیشتوو بۆ تەماشا هەم پیر و هەم جوانە
گەه پێکەنین و شادی گاهی گرین و زاری
گفتار وکاری یەک یەک وەک سیحری ساحیرانە
یاری و گەمەی ممثل سەیر و سروورە ظاهر
ئەما پڕە لە حیکمەت بۆ هەرچی کارزانە

## ژمارە

یەک، دوو، سێ، چوار، ئاسانە
تۆ بیژمێرە و بیزانە
پێنج و شەش کوا گرانە؟
ژمارەی زۆر ئاسانە

حەوت و، هەشت و، نۆ و، دە
هەر کەس بیزانێ مەردە
کێ نایزانێ ژماردن
مەنعە لەیاری کردن
خۆ من فێر بووم حیساب
ئەی گەورەی عالی جەناب

### ناوی ڕۆژەکان

بەخێر هاتی ئەی شەمە
لە پاش تۆ یەک شەمە
ئەی موبارەک دوو شەمە
دوای تۆوە دێ سێ شەمە
چوار شەمە موبارەکە
پێنج شەمە تەدارەکە
جومعە ئەچینە گەڕان
بۆ زیارەت و سەیران

### بۆ کچان

کرمەک و گوارە و لاگیرە و قاپ و قورئانم
دەرسی دینییە و ئەخلاقە لەگەڵ ئیمانم
عەصمەت و عیفەت و ناموس و حەیا زینەتمە
ئەدەب تەربیەیە لازمەی ئیمانم
قیمەت و قەدری کچان شەرم و حەیا و ئەدەبە
ڕێی ئەدەب عیلمە منیش شەفتەی عیرفانم
صنعەتی ئیشی دەس و مەعریفەتێکم کە نەبێ
تیغ بێ جەوهەر و نەقش ڕەفە و هەیوانم
خدمەتی دایکم و باوکم وەکو نوێژ فەرزە لەلام
خاکی سەر ڕێگەکەیان سورمەیە بۆ چاوانم



### لە مەقامی مصر العزیزة لی وطن

شاری سلێمانی لەلام وەک جەننەتە بۆ خاص و عام
نایدەم بەموڵکی مصر و شام ئاوابێ وەک دار السلام
صەحرای صەفا بەخشی دڵە داوێنی شاخی پڕ گوڵە
کەبکی لە شاخان بلبلە شارێکە صاحیب ئیحترام
لای غەربی چەشمەی سەرچنار لای شەرقی گۆیژەی نازدار
پشتی بەئەزمەر ئیستیوار پێشی چیای عالی مەقام
ئەم شارە خۆشەی من هەمە هەرچەندە مەدحی کەم کەمە
بانگی ئەکەم پڕ زەمزەمە ئاوا بێ وەک دار السلام

### خلدونیە

قیرە قیری بۆق بەشەو
حەرامی کردووە لێم خەو
داد لەدەس بۆقی ناو ئاو
نایەڵێ خەو بێتە چاو

### گۆرانیی بەیداخ

ئەی عەلەمی بەرز و بڵندی وەتەن
خاک قەدەمتە سەری دوور لە بەدەن
ئەی عەلەمی سوور و سپی و سەوز و ڕەش
دیدەی مللەت بەتەماشاتە گەش
ئەی عەلەمی خاص عیراقی عەزیز
لەنجەی تۆ جیلوەی تۆیە تەمیز
ڕوحی منە حەرەسە بۆ سێبەرت
باڵی مەلایک بووەتە ئەفسەرت
تۆی شەڕەفی میللەت و هوردووی عیراق
نەصرەتی حەق یارتە بالاتفاق
لازمە بۆ ئێمە لە ڕووتا سەلام
یا عَلَمَ النصر لک الاحترام

## له مابەینی زەنبەق و گوڵە باخ

ڕاستی کردەوە زەنبەق بەیداخی
وتی هیچ گوڵێک لێم نەبی یاخی
من پادشاهی هەموو گوڵانم
زیاد لە هەموویان تەڕ و جوانم
لەمە پێکەنی قاقا گوڵەباخ
زۆر گاڵتەی پێ کرد بەکەیف و دەماخ
بە سوسەنی وت ئەم پیرەمێردە
لە ڕاستی مندا قسەی بڵندە
قسەی گرتەوە زەنبەق بەناچار
ڕووی کردە گوڵان وا هاتە گوفتار
سەیری من ئەکەن لەشکر وەک بەندە
بە پیریەتی من گوڵ ئەکا خەندە

## هاودەم

هاودەمی ئینسانی بەدکردار و دار
قەت مەکە تا ماوی ئانێ ئیختیار
قەد لەبەرخۆ ناکرێ چاکەی ئومێد
چۆن ئومێدی مەرحەمەت ئەکرێ لە مار
هەرکەسێ سووکی بوێ بۆ نەفسی خۆی
یا طەلەب کا مەدح و ناو و ئیعتبار
ناوی لائەبرێ لەسەر لەوحەی شەڕەف
هەقی نامێنێ لەسەر عیزز و ویقار

## ئاشتی دوو دۆست

لەیەکەم ڕۆژی میهرەبانیمان
بیهێنە خاتری خۆش براییمان
بیپێچینەوە قسەی ڕابوردوو
ئەوەی کە بووە لەواتەی هەردوو
ئەگەر لە بەینا ڕووی دابی عیتاب
بیگۆڕینەوە بەچاکە و سەواب



هەرچی بێژراوە بۆ من یا بۆ تۆ
گوێ نەگرین ئیتر لە قسەی بەدگۆ
جوانە ئاشتی بەسیدق و ئولفەت
بچینەوە سەر عەهدی محەبەت

## نیشانەی زانین

بۆ کرداری جوان بۆ عیلم و ئەدەب
مناڵی خۆتان بنێرنە مەکتەب
مناڵتان ئەگەر کچ بێ یاخو کوڕ
بە خوێندن ئەبێ بەدانەیی دوڕ
لەناو دنیادا ئەوەی نایابە
عیلم چاکتری هەموو ئەسبابە
عیلم سەرمایەی فەقیرە ئەگەر
بچێتە غوربەت بەبێ سیم و زەر
جاهیل و نەزان بێ فیکر و تەدبیر
وەکو شەڕکەرە بەبێ شیر و تیر
سەیری میللەتان بکە سەراسەر
وەختە بگەنە لای کوورەی قەمەر
سواری با ئەبن بۆ گەشت و گوزار
بە ئارەزوویان ئەی هێننە کار
بەسەنعەت کەشتی ئەکەن وەکو شاخ
بەناو دەریادا ئەڕوا بەدەماخ
دۆزیانەوە ماددەی کارەبا
غەواسە ئەڕوا تا بنی دەریا
دار و ئاسنی بێ گوێ و بێ زوبان
ئەخاتە قسە هەروەکو ئینسان
فائیدەی زانین تەعریف ناکرێ
ئاسار ئەمێنێ زانا نامرێ
هەر نەزانینە واسیتەی پەستی
هەر عیلمە مایەی بەرزی و سەربەستی

## هەنگ

مەلێکە بچووک وا لەبەر چاوە
هەمووی لە ئەخلاق دروست کراوە
چەند بچووکە موڵک و خانووەکەی
چەندە ئەفکاری بەرز و بڵاوە
ئەگەر لێی پرسی ئەی هەنگی زەعیف
تۆ بەچ عەقڵێ پەنات داناوە
جواب ئەداتەوە هەر بەکرداری
کە وەک جەوهەری عەقڵ وەستاوە
ئەویش بەهێزی عەقڵ و فیکر ئەکرێ
لە هێزی ئەخلاق کەوتۆتە دواوە
خوا بەرزیی ئەدا بەخاوەن ئەخلاق
گەر حەشەرات بێ یا ژن یا پیاوە
ئایا لە موڵکی هەنگی بچووکدا
تێفکرین نییە بۆ قەومی و دوواوە
بە غیرەتێک و هیممەتی بڵند
بینای موڵکیان مەحکەم کراوە
ئەگەر بگەڕێی لەناو ئەو موڵکە
تەممەڵ نەماوە بێ ئیش فەوتاوە
هەرچی تەممەڵ و یاخود بێ ئیش بێ
بە قانوون نەفییە وەیان کوژراوە

## ورچی خەتیب و مەیموون

لەناو دڕندە و گیانداری وەحشی
نێرە ورچێکیان چووە سەر کورسی
خوتبەی دەست پێ کرد بۆ تێگەیاندن
ئیشارەی ئەکرد بەدەست جوولاندن
بەڕاست و چەپدا خۆی هەڵئەسووڕان
بە دەنگێکی زل وەک گا ئەیبۆڕان
ئەی وت لە وەختی خەشم و غەزەبا
خۆتان لامەدەن لە ڕێی ئەدەبا



عیلم سیفەتی خوای بێ هاوتایە
ڕق خواردنەوە ئەمری خودایە
لەناو وەحشییان مەیموونی زۆرزان
لاسای ورچی کردەوە زۆر جوان
خۆی ڕائەوەشان دەستی ئەجووڵان
کەوتنە پێکەنین مەجلیس هەموویان
کە ورچە بینی کردەوەی مەیموون
دڵی تواوە هەر بوو بەمەجنوون
هەڵمەتی بردە سەر مەیموون بەقین
کردی بەماتەم خۆشی و پێکەنین
کۆمەڵی وەحشی بڵاو بوونەوە
بۆ جێگە و لانەی خۆیان چوونەوە
ئەیان وت ئێمە لەشەڕ دوور ئەکا
کەچی لەشەڕا خۆی ڕەنجەڕۆ ئەکا

## کۆتر و ڕاوکەر*

کۆترێک لەناو گۆشەی هێلانە
ئەمین بوو لەدەست غەدری زەمانە
ڕاوکەرێک ڕۆژێک بۆ ڕاو لە صەحرا
بە دەوری باغدا تا توانی گەڕا
زۆر گەڕا سایەی تەیریشی نەدی
عاجز بوو، گەڕاوە، بۆ مەقصەدی
کۆتر خۆی دەرخست لەناو هێلانە
ئەحمەقی دەردی بە بێ دەرمانە
لە ئاخری خۆی نەزان بوو لەوێ
بانگی ئینسان! ئەتۆ چیت دەوێ
ڕاوکەر گەڕاوە ڕووی کردە لای دەنگ
لە ڕووی صاحیب دەنگ بۆی ڕاگرت تفەنگ
بە تەقەی تفەنگ سەر بەرەو خوار بوو
کەوتە ژێر دەمی کێرد و چەقۆ زوو

وای وت - کە کەوتە ئەو موصیبەتە:
«زمان بوەستێ سەر بە ڕەحمەتە»

................................................................

* ئەم چیرۆکە شیعرییە لە ل٦١-٦١ی سۆزی نیشتمان دا چاپ کراوە.
شایانی باسە ئەمە لە کتێبی عەرەبی قوتابخانەدا بوو لەم سرووده عەرەبییە کە دەڵێ:
حمامة کانت بأعلی الشجرة
واقفة في عشها مستمرة
فأقبل الصیاد ذات یوم...الخ
وەرگیراوە

## هەموو شتێ قسە ئەکا

لەو شتانەی کە دێتە بەرچاومان
وەکو ئێمە قسە ئەکەن بە عەیان
قسەیان کورتە نەک درێژ بەتوول
تێی ئەگەن ئەهلی دانش و عیرفان
قەلەڕەش بانگ ئەکا دەڵێ (غاق غاق)
یەعنی هەستە لە خەو کە بوو بە بەیان
وەکو من هەر کەسێ کە زوو هەستێ
لە فەقیری بە دوور ئەبێ لە جیهان

**

چۆلەکەش هەر لەگەڵ ظهووری سەحەر
دێتە سەر نەغمەی جریوە جریو
ئاشکرا بانگ ئەکا ئەڵێ پێمان
حەز ئەکەن ببنە خاوەنی زەڕ و زیو
سەعی و کۆشش بکەن لە دنیادا
دێتە بەردەستی ئێوە ڕزقی نەدیو
قیرە قیرەی دەنگی بۆقی ناو زەلکاو
بانگمان لێ ئەکا بە هێزی تەواو
ڕاستی باشە فەخر ئەدا بەژیان
هەر درۆزن ئەبێ دووچاری زیان



## خوا

وەرە بنوارە ئەو درەختە کەوا
لقی سەوزی سەما ئەکا لە هەوا
هەر لە یەک دانە چۆن وەها زل بوو
چۆن بووە ئەم درەختە؟ چۆن بوو ڕوا؟
لێی بپرسە بڵێ مەگەر کێیە؟
بەری لێ دەردەخا بەبێ پەروا
وەرە بنوارە جورمی ڕۆژ وەک گۆ
خڕە ڕەنگیشی وێنەی پشکۆ
گەرمی و شەوقی نوور و رووناکی
بۆ هەموو کائیناتە نەک بۆ من و تۆ
گەر ئەپرسی کە کێ دروستی کرد
پێت بڵێم وەک کەسێکی زۆر حەق گۆ
ئەوە هەر زاتی پاکی (اللە) یە
سەیری شەو کە کە مانگی تیا دیارە
هەروەکو لۆکس پڕ ئەنوارە
جوان بووە بەمانگ و ئەستێرە
زۆری وەستاوە هێندێ سەیارە
تێ بفکرە لە هەوری رووی سەما
کێیە بارانی لێ ئەکا پەیدا
ئەردی یەک پارە پێ دەکا بە بەهەشت
بە گوڵ ڕەنگ و سەوزەگیا

**

سەیری ئینسان کە لێی بپرسە مەگەر
کێیە بەخشیویە چاو و هێزی نەزەر
کێیە ئینسانی وا جوان ڕێکخست
بە توانای علیم و فیکر و هونەر

**

ئەوە هەر زاتی پاکی (ئەڵڵایە)
خوایە، ئیحسانی ئاوی دەریایە

خــاوەنی حــیکمــەتی مــهــیــایە
لـە هەمـــــوو کــــاردا بـە تـوانایـە

## تاووس

لە خـــۆی بـایی بـوو تـاووسی ڕەنگین
ئیـفـتـیـخـاری کرد بە جوانی و تەزیین
تەمـاشـاکـەری هەمـوو شـێت ئەبێ
لە جــوانی سـەر و باڵێکی نەخـشین
لەپڕ چۆلەکـــە لێی هاتە ســـەر پێ
لای دانیـــشـــتووان زەمی کـرد بەقین

**

وتی ئەی تـاووس تۆ قـــاچت ڕووتە
بێ پەڕ و تووکە چۆن ئەکرێی تەحسین
لەولاوە، مــەلێک زوو ڕاســتــەوە بوو
بە هەردووکی وت قــســەی نـاشــیــرین
هەر کـەس عـەیبی خۆی بۆچی نابینێ
هەردووکــتــان بۆچی لە خـۆتان ڕازین